# تەتەڵە کردنی زمان

به تایبەت بۆ دایک و باوکان، چاودێرەکان و کەسە نزیکەکانی‌تری منداڵی بچکۆله

SÄY

## ڕێکخراوی فینلەندا تایبەت بەو کەسانەی کێشەی تەتەڵە کردنی زمانیان هەیە

www.ankytys.fi
info@ankytys.fi

Oy Print Mill Ab, 2014 - SORANI CHILDREN STUTTERING

## یارمەتی منداڵەکە بدە ڕەوانتر قسە بکات

زیاتر وورد بەرەوە لە سەر ئەوەی مندالەکە چی دەڵێت نەوەک لە سەر شێوازی قسە کردنەکەی. قسەکە به منداڵەکە مەبڕە و لە لایەنی مندالەکەشەوە قسە مەکە، بەڵکو ڕێگەی پێ بدە با قسەکەی تەواو بکات. قسەکانی بۆ ڕاست مەکەرەوە. یارمەتی منداڵەکە بدە بۆ ئەوەی بە سەر تنگەژە کاتیەکانی تەتەڵە کردنی زمانیدا زاڵ بێت بە ڕاگرتنی هێمنی خۆت و کۆنتاکتی چاو لە چاو لەگەڵ مندالەکەدا. لەگەڵ منداڵەکەدا لەسەرخۆ قسە بکە و پەلەی لێ مەکە. پشویەکی کورتی 2 بۆ 3 چرکەیی بدە پێش ئەوەی وەڵامی منداڵەکە بدەیتەوە . بەم شێوەیە هەستی پەلە کردن بۆ قسەکردنی منداڵەکە کەم دەکەیتوە. بە ڕەستەی کورت و ڕوون لەگەڵ مندالەکەدا بدوێ .هەر جارە و یەک پرسیاری لێ بکە. هەوڵ بدە لە بارودۆخێکی هێمندا گفتوگۆ بکەیت، بۆ نمونە دەنگە زیادەکان وەکو دەنگی تەلەفزیۆن و ڕادیۆ دابخە. کاتێک قسە کرنی منداڵەکە ڕەوانترە، ڕێگەی پێ بدە زیاتر قسە بکات . کاتێک منداڵەکە زمانی زۆرتر تەتەڵە دەکات گۆرانی زیاتری لەگەڵدا بڵێ، کەمترپرسیاری لێ بکە.
لەگەڵ ئەو منداڵەی زمانی تەتەڵە دەکات وەکو منداڵەکانیتر هەڵسوکوت بکە، ئەو شتانەی ڕێگە پێدراو نین بۆ منداڵەکانیتر بۆ ئەو منداڵەش کە زمانی تەتەڵە دەکات با بە هەمان شێوە بێت . هەروەها ئەو منداڵەشت کە زمانی تەتەڵە دەکات فێر بکە گوێ بگرێت کاتێک کەسێکیتر قسە دەکات بە بێ ئەوەی قسەکەیان پێ ببڕێت.

## زانیاری زیاتر

زانیاری زیاتر سەبارەت بە تەتەڵە کردنی زمان، چارەسەر کردنی قسە و کۆرسەکان لەڕێگای ڕاوێژگە، پسپۆڕی چارەسەرکەری قسەی شارەکەی خۆت، ڕێکخراوی فینلەندی تایبەت بەو کەسانەی کێشەی تەتەڵە کردنی زمانیان هەیە و نەقابەی فینلەندی چارەسەرکەری قسە دەستت دەکەوێت.

www.ankytys.fi
info@ankytys.fi

RAY TUKEE
ray
RAY STÖDER

قسە کردنی منداڵی بچکۆلە لەوانەیە لە زۆر لایەنەوە نارێک و پێک بێت . ئاساییە گەر منداڵ جاروبار لە قسەکانیدا هەندێک وشە یان سەرەتای وشەکە دوبارە بکاتەوە. کاتێک باس لە تەتەڵە کردنی زمان دەکرێت کە ئەو دووبارە کردنانە زیاتر بخایەنێت و لە قسەکانی منداڵەکەدا زیاتر دەرکەوێت. ئەو دوبارە کردنەوەیە لەوانەیە بە بەردەوامی نەبێت و هەروەها لە ناوەڕاستی وشەکەدا بێت . جگە لە دوبارە کردنەوەی وشەکان لەوانەیە منداڵەکە درێژە بە دەنگێکی تایبەت لە وشەکەدا بدات یان لەوانەیە قسەکردنەکەی بە تەواوەتی بۆ چرکەیەک ببڕێت.

## ئایا دەتزانی کە؟

• هۆکارێکی زۆر هەیە بۆ تەتەڵە کردنی زمان . بە پێی تێگەیشتنی ئەم سەردەمە بنەمای سەرەکی کێشەی تەتەڵە کردنی زمان هۆکاری فیزیۆلۆجی هەیە . لەگەڵ ئەوەشدا پێویست بە یەک یان چەن هۆکارێکی پاڵ پێوەنەریتر دەکات لە لایەنی خودی منداڵەکە یان دەوروپشتیەوە پێش ئەوەی منداڵەکە کێشەی تەتەڵە کردنی زمانی دەست پێبکات . هۆکارە پاڵ پێوەنەرەکانی تەتەڵە کردنی زمان بە گشتی لە ناو بنەماڵەدا لە کەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگوازرێتەوە.

• تەتەڵە کردنی زمان دەکرێت لە هەر تەمەنێکدا دەست پێبکات . زۆر کات تەتەڵە کردنی زمان لەو کاتەدا دەردەکەوێت کە منداڵەکە لە قسەکانیدا ووتەی دوو وشەیی بەکار دهەێنێت .هەروەها لەوانەیە کێشەی تەتەڵە کردنی زمان منداڵەکە لە تەمەنی سەرەتای خوێندنگادا دەست پێبکات.

• هیوایەکی باش بۆ چاک بوونەوەی تەتەڵە کردنی زمان هەیە، بە پێی هەڵسەنگاندنەکان تەنانەت 80 % لەو منداڵانەی زمانیان تەتەڵە دەکات پێش ئەوەی گەورە بن فێری قسە کردنێکی ڕەوان دەبن.

• کێشەی تەتەڵە کردنی زمان لە ناو کورەکاندا زیاتر بەدی دەکرێت وەک لە ناو کچان.

• کێشەی تەتەڵە کردنی زمان لە قسە کردندا بەدەر لە ئیختیاری کەسەکە بە شێوەی دوبارە کردنەوە، درێژە پێدان یان قوفڵ بوونی گفتوگۆ دەردەکەوێت.

• هەروەها تەتەڵە کردنی زمان دەتوانێت هەندێک جووڵەی زیادەی لەگەڵدا بێت، بۆ نمونە تروکاندنی چاو، جووڵەی سەر یان بەرز کردنەوەی پلەی دەنگ.

• چۆنیەتی و چەن درێژە خایەنی تەتەڵە کردنی زمانی منداڵی بچکۆلە بە پێی بارودۆخ و کات لەگەڵ کاتدا دەگۆرێت.

• منداڵە بچکۆلەکان هەموو کات ناتوانن کاریگەرییان هەبێت لە سەر تەتەڵە کردنی زمانیان . لەوانەیە هەندێک لە منداڵەکان دڵگران بین یان خەفەت بخۆن بەوەی کە قسە کردنیان نارێک و پێکە.

# چارەسەر کردنی کێشەی تەتەڵە کردنی زمان

زۆربەی قسەکانی ئەو مندالەش کە زمانی تەتەڵە دەکات ڕەوان و ڕێک و پێکە . لە کاتی چارەسەر کردنی کێشەی تەتەڵە کردنی زمانی منداڵی بچکۆلەدا یارمەتی قسە کردنێکی سروشتی و ڕەوان پێویستە . سوودمەند دەبێت بیری لێ بکەیتەوە لە چ بارودۆخێکدا قسە کردنی منداڵەکە ڕەوان و ئاساییە . ئایا بوونی بارودۆخی ئارام کە لە ناویدا منداڵەکە هەست بکات کەسە کامڵەکە کاتی هەیە گوێی لێ بگرێت یارمەتی دەدات؟ ئایا لە کاتێکدا کە لە چواردەوردا دەنگە دەنگ نیە قسە کردنی منداڵەکە ڕەوانترە؟ ئایا منداڵەکە هێور دەبێتەوە بەوەی کەسە کامڵەکە نمونەی قسە کردنێکی لەسەرخۆی پێشان بدات کاریگەری لەسەر ڕەوانتر بوونی قسەی منداڵەکە دەبێت؟ ئایا بۆ منداڵەکە یارمەتیدەر دەبێت گەر کەسە کامڵەکە خۆی لە بەکار هێنانی ڕستەی دوور و درێژ و قورس بە دوور بگرێت؟ باشتر وایە لە کاتێکدا پەیوەندی بە پسپۆڕی چارەسەرکەری قسەوە بکەیت کە منداڵەکە بۆ ماوەی زیاتر لە شەش مانگ بە ڕادەیەکی کەم کێشەی تەتەڵە کردنی زمانی بوبێت یان تەتەڵە کردنی زمانی منداڵەکە ئەوەندە قورس بوبێت کە منداڵەکە یان دایک و باوکی بێزار کردبێت. لە چارەسەر کردنی تەتەڵە زماندا بە هێز کردنی ڕەوان بوونی قسەی منداڵەکە لە شێوەی یاری کردن ڕاهێنانی پێدەکرێت . دایک و باوکانی منداڵە بچکۆلەکان بەشداری دەکەن لە چارەسەر کردنی قسەکە و ئەو ڕێگایانەی لە چارەسەر کردنەکەدا بەکار هاتوون لە ژیانی ڕۆژانەیاندا دەیگونجێنن. هەروەها گرینگە کە بەخێوکەرەکانیتری مندالەکەش ئاگاداری ئەو ڕێگە چارەسەرانە بن بۆ ئەوەی بتوانن پشتیوانی منداڵەکە بکەن بۆ قسە کردنێکی ڕەوانتر. ئەگەر هەستت کرد منداڵەکە دڵتەنگە بە ڕەوان نەبوونی قسەکانی باشتر وایە لەگەڵ منداڵەکەدا گفتوگۆ بکەیت لە سەر کێشەی تەتەڵە کردنی زمانی . لەگەڵ منداڵەکەدا بە هێمنی لە بارەی تەتەڵە کردنی زمانەوە قسە دەکرێت بە شوبهاندنێکی تایبەت بۆ نمونە وشەکان (هەڵدەبەزنەوە). هەروەها لەگەڵ کەسانی نزیکتاندا بە ئاشکرا لە سەر کێشەی تەتەڵە کردنی زمانی مندالەکە قسە بکەن. بۆ خێزانی ئەو منداڵانەی زمانیان تەتەڵە دەکات کۆرسی ئامادەکاری ڕاهاتن ڕێک دەخرێت، لەو کۆرسەدا دایک و باوکان و منداڵەکان دەتوانن چاویان بەو کەسانە بکەوێت کە لە هەمان بارودۆخدان، هەروەها دهتوانن لەگەڵ پسپۆڕانی ئەو بوارەدا گفتوگۆ بکەن .هەروها ڕاهێنانی قسە کردن بەشێکە لە پرۆگرامی کۆرسەکان.

SÄY

ڕێکخراوی فینلەندا تایبەت بەو کەسانەی
کێشەی تەتەڵە کردنی زمانیان هەیە